# تا ئێستاش کوردستان هەر باکووری ئێراقو کەرکوک-یش تأمیم-ە!!!



پێنجشەممە 1.12.2005

دەرسیم دیبەگەیی

Darsim88@hotmail.com

ئەگەر دوژمنانی کوردو کوردستان، هەردەم لەهەوڵی ئەوەدابووبن کە کوردستان بە باکووری ئێراق، کەرکوک بە التأمیمو هەولێر بە أربیل ناوببەن، ئەوە مەبەستێکی ئاشکرای خۆیانی بەدوادا بووە، ئەویش بەمەبەستی داگیرکردن، لکاندن، بەعەرەبکردنو سڕینەوەی ناوی کوردو کوردستان بووە. بەڵام کاتێ لایەنێکی سیاسی، سەرکردەیەک، ڕۆژنامەیەک یان هەر کوردێکی ئەو کوردستانە بەئاگاداریەوە یان لە بێئاگاییەوە بوویێت، باکووری ئێراق، تأمیمو أربیل-ی لەبری ناوە ڕەسەنەکانی خۆیاندا بەکارهێنابێ، ئەگەر پێمان خۆش بێت یان نا، ئەوە لاوازی هەستی نیشمانی کورد ڕادەگەیەنێت لەگەڵ پەسنکردنی سیاسەتەکانی دوژمنانی نەتەوەکەمان لەلایەن خۆمانەوە لە بەعەرەبکردنو درێژەدان بەداگیرکردنی کوردستان.

ڕۆژنامەی "الاتحاد"، کە ڕۆژنامەیەکی ناوەندی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ەو ڕۆژانە بەزمانی عەرەبی لە بەغداوە دەردەچێت، لەلاپەڕە 11ی ژمارە (1160)ی دووشەممە 21.11.2005دا هەواڵێکی لەژێرناوی "گۆرانیبێژی ناسراوی تورک ئیبراهیم تاتلیساس چەند ئاهەنگێکی گۆرانی سازدەکات لەباکووری ئێراق"دا، بڵاوکردۆتەوە. لەدرێژەی هەواڵەکەدا هاتووە: (گۆرانیبێژی ناسراوی تورکی ئیبراهیم تاتلیساس گەیشتە شاری هەولێر (350 کیلۆمەتر لەباکووری بەغدا)، لەپێناوی سازدانی چەند ئاهەنگێکی گۆرانی لەهەرسێ شارەکانی هەولێر، سلێمانیو دهۆک لە باکووری ئێراق.

بڕیاروایە گۆرانیبێژی تورکی تاتلیساس، هەروەکو خۆشەویستییەکی گەورەی بەدەستهێناوە لە باکووری ئێراقدا ئەویش لەبەر گۆرانی گوتنێتی بەزمانی کوردی، چەند ئاهەنگێکی گۆرانی گوتن سازبدات لەهەرسێ شاری کوردی هەولێر، سلێمانیو دهۆک).

باوەڕ ناکەم ئەو ئاگادارییەی سەرەوەو بەکارهێنانی باکووری ئێراق لەبری کوردستان لەلایەن سەرنووسەر یان دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی "الاتحاد" هەستی پێنەکرابێتو بەسەریاندا تێپەڕیوبێت، چونکە سێ جار ووشەی باکووری ئێراق دووبارە بۆتەوە!! ئەی کەواتە بۆ ئەو کارە کراوە؟ وەڵام لای برادەرانی ڕۆژنامەکەیە!!

جارجار لە کوردستانەوە هەندێک لەو پەرتووکانەی کە لەوێ لەچاپدەدرێن، لەڕێگەی پۆستی ئێران-ەوە بۆمی دەنێرن، جارێکیش لەڕێگەی تورکیا کە لەکۆی 16 پەرتووک تەنیا هەشتیانم بەدەست گەیشتو هەشتەکەی تریان ئەنفالکران، دواجاریش لەڕێگەی پۆستی ئێراقەوە بوو، سەرەڕای ئەوەی کەدوای 48 ڕۆژ ئەو پۆستەم بەدەست گەیشت، ئەوەی کەدڵی زۆرتر ناخۆشکردم ئەوەبوو کە مۆرێکی گومرگی شاری کەرکوک لەتەک ئەدرەسەکەم درابوو، لەناو مۆرەکە نووسرابوو (کمرک محافظة التأمیم).

ئایا باوەڕدەکرێت ئەگەر بڵێین کاربەدەستانی گومرگی شاری کەرکوک تاکو ئێستا نەیانزانیوە، سەددام نەماوەو بەعس ڕووخاوە! یان ئەگەر کۆنە بەعسیو عەرەبی تەعریب تاوەکو ئێستا باڵا دەست بن لەو فەرمانگایە، ئەی ئەنجومەنی پارێزگای شاری کەرکوکو دەستەی ڕیشەکێشکردنی بەعس لەکوێن؟ تاوەکو ئەو بەعسیانە لەڕەگوڕیشەوە هەڵکێشێت!

باوەڕتان هەبێت، ئەگەر لەشتە بچووکەکان بۆ گەورەترو گەورەکان دەست پێبکەن ئەوکاتە زۆر سەرکەوتووتر دەبن، لەوەی واز لەشتە بچووکەکان بێنن بەبیانوی ئەوەی لەچاوەڕوانی دەستکەوتە گەورەکان دانو هەوڵی بەدەستهێنیان دەدەنو کاتی ئەو شتە وردانەیان نییە! با لەناو گۆڕینی کۆڵان، گەڕەک، بازاڕ، شوێنە گشتییەکان، گۆڕەپان، شارۆچکەو شارەکانەوە دەست پێبکەین. تەنانەت با لەوەوە دەست پێبکرێت کە چیتر بابەس بێت ناوی منداڵەکانمان بەناوی عەرەبی یان ئیسلامی ناونەنێینو هەرکەسێک لەناوماڵەکەی خۆمانەوە دەست پێبکەین!!.